سەرۆك کۆمار پێشوازی لە سەرۆك وەزیرانی ئوردن دەکات

سەرۆك کۆمار د.لەتیف جەمال رەشید پێشوازیکرد لە بەشر خەساونە سەرۆك وەزیرانی ئوردن.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکایەتی کۆمار لە راگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە :-لە میانی دیدارەکەدا، لە شوێنی مانەوەی لە عەممانی پایتەختی ئوردن بەوەچو، پرس و پێشهاتە ناوچەیی و عەرەبی و نێودەوڵەتییەکان تاووتوێ کران، لە دیارترینیان پەرسەندنە بەردەوامەکان لە کەرتی غەززە و دەستدرێژییە بەردەوامەکان بەسەر فەلەستینییەکان، لەوبارەیەوە سەرۆك کۆمار جەختیکردەوە لەسەر پێویستی یەکخستنی هەوڵەکان لەپێناو وەستاندنی پێلامارەکان بەسەر گەلی فەلەستین و کارکردن بە کتاییهێنان بە ئازار و نهامەتیەکانیان، هەروەها گەیاندنی هاوکارییەکان پێیان، جگەلەوەی پێویستە مافی چارەی خۆنوسینیان پێ بدرێت لە دامەزراندنی دەوڵەتێك، کە پایتەختەکەی قودسی شەریف بێت.

هاوکات سەرۆك کۆمار پێویستی پشتیوانی شانشینی هاشمیی ئوردن و وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی لەم دەخە سەختەدا بە کتاییهێنان بە کێشەکانی ناوچەکە و بەرقەرارکردنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، دوپاتکردەوە.

سەرۆك کۆمار ئاماژەیکرد بە سەرکەوتنی گفتوگۆکانی نێوان هەردوولا و ستایشی ئاستی ئەو هاریکارییەی کرد، کە ئوردن پێشکێشیکردوە بە پەرەپێدانی پێوەندییەکان لەگەڵ عێراق و فراوانکردنی تا پێوەندیی

سیاسی و ئەمنی و ئابوری و تەندروستی و ژینگە و وزە بگرەتەوە، بەشێوەیەك كە خزمەت بە خواست و بەرژەوەندییەكانی هەردوو وڵات بكات.

هەر لە دیدارەكەدا باس لە پێوەندییە مێژوویی و هاوبەشەكانی نێوان هەردوو گەلی عێراق و ئوردن كرا و سەرۆك كۆمار ستایشی هاوئاهەنگی و هاریكاریی دووقۆیی كرد سەبارەت بە مەسەلە جەراوجەرەكانی سەر گۆڕپانی عەرەبی و ناوچەیی.

لە بەرامبەردا سەرۆك وەزیرانی ئوردن پاڵپشتی وڵاتەكەی بە عێراق دوپاتكردەوە لە هەوڵە بەردەوامەكانی بە چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری، ویستی شانشینی ئوردنیشی بە عێراقێكی بەهێز و سەقامگیر و یەكگرتوو دوپاتكردەوە